# بەبۆنەی سالی نۆیی خۆێندنەوە

**مەحمود محەمەد عوسمان**
**هۆلەندا**
200–9–23
**m_o_osman@hotmail.com**

**پێشەکی**

**بەهیوای سالێکێ پر لە بەهرەمەندبوون لە پێویستیەکانی ژیان بۆ هەموو مامۆستایان و قوتابیان و هەموو ئەوانەی کە لە بواری پەروەردەو فێرکردن کار ئەکەن ، من بەم شێوەیە بەشداری ئەکەم بەهیوای خزمەتێکی بچوک بێت لەم بووارەدا . سالٚی خوێندنی نوێتان پیرۆزبێت .**
**پشووی هاوین . نزیکەی‌چوار مانگ بچران لە خوێندن . چوار مانگ بۆ منالانی بێ دەرامەت مانای گەڕان بەدوای بژێوی . مانای خۆ ئامادە کردن بۆ دەنگ بەرزکردنەوە و هاوار کردن بۆ هەراجکردنی شت ومەکەکان لە کاتی فرۆشتن . خۆ ئامادە کردن بۆ زوو لە خەوهەستان بۆ بەردەم کارگەکان و شوێنی شتومەک فرۆشتن وبۆکاری قورس کە ناگونجێ لەگەلٚ تەمەنیان. ئەمانە سەرخەتی بیرکردنەوە و هیوا و ئاوتەکانیانە کە بەزۆر بەسەریاندا چەسپاوە . لە جیاتی خۆ ئامادە کردن بۆ پلەیەکی تری خوێندن .لە جیاتی پشوویەک کە رۆژ بەرۆژ بابەتی زانستی و مەعرفی و شارستانیەت شوێن بگرێتەوە لە مێشکی قوتابییەکاندا . لە جیاتی ئەوەی دەستە بچووکانیان رابێنن لەسەر مۆسیقا و هونەر و بەهرەمەند بوون لە وەرزش و دوونیای خوی وخەونەکانی بخاتە سەر کاغەز یان بەشداری بکات لە پرۆسەیەکی تری خوێندن .**
**چەند لەو منالانە لە پشووی هاوین پەیوەست ئەبن بەلەشکری پەیداکردنی بژێوي؟**
**نەک هەر ئەمانە ونە لای زۆربەی قوتابیانی کوردستان ، بەلکو ناتوانن ئەگەر کار نەکەن ئیتر چی جۆرە کارێ بێ**
**یان ئەو کارانەی کە بووەتە بەشێک لە کەلتوور کە یارمەتی باوک و کەس و کاری ئەدات , ئەویش لەبەر پەیدا کردنی بژێوی یان بۆ فێربوونی پیشەیەک ، بەلاٚم هیچ قسەیەک ناکرێ لەسەر ئەم جۆرە کارانە, تەنانەت شوێنێکی ئەخلاقی گردووتەوە لە ناو خێزان وکۆمەلٚگە و زۆر جار شانازی و پشتگیری ئەکری لەلایەن کۆمەلٚگەوە .**
**ئاخر ئەگەر نزیکەی 4 مانگ بچران لە هەموو بووارەکانی خوێندن .چۆن سالێکی تر دوای ئەم ماوە درێژە ئەتوانێ ئامادە بێ ؟ مەگەر رێژەیەکی کەم لە مامۆستایان و قوتابیان بتوانن لە مەجالی خۆیاندا بەردەوام بن ، ئەویش ماوە لەسەر چەند ئەتوانن بەهرەمەند بن لە سەرچاوەوە و چۆن بواریان بۆ ئەرەخسێ و چییان بۆ ئامادە کراوە بۆ سوود وەرگرتن لە بواری پەروەردە و فێرکردن ؟**

**سستمی پەروەردە**

**پەروەردە وفێرکردن بەشێکە لەسستمێکی گەورە کە سستمی کۆمەلایەتی ئابوورییە . ئەم سستمە واتا سستمی پەروەردە ، رەنگدانەوەی باری ئابووری و سیاسی ئەو دەولەتەیە و بە تێکەلٚ بوونی بارە کۆمەلایەتییەکە کە شوێنێکی دیاریکراوی ئەبی بەگوێرەی رادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەلٚگە .**
**لەو رۆژەوە کە کۆمەلٚگەیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەرژەوەندی دەسەلات و کار وتواناکانی پیاوانی دەسەلات بگەینێ بە نەوەکانی تر . و لەو رۆژەوە کە دەسەلات ( هەر دەسەلاتێک بە گوێرەی سەردەم )ویستی**

یاساکانی کۆمەڵگە پەیرەو بکرێ . و لەو رۆژەوە کە پێویست بوو کار و بەرهەمەکانی بیرکردنەوە بپارێزن و بیگەینە دەستی خەلکانی تر و ئاگاداریان بکەنەوە لە تواناو قودرەتی خۆیان و بەشێوەیەکی رەسمی و بە رێک وپێکی کۆمەڵگە رێک بخەن لەسەر ئەو میتۆدەی کە خویان بە باشترین شێوەی بەرێوەبردن و پەروەردی دائەنێن( هەرچەندە هەمووی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خویان دەر نە ئەچوو) . ئیتر قسەکەر و گوێگر پەیدا بوو . کەسێک کە زانیاری و بەشەکانی تری دەربرین و نهێنیەکانی ژیان لاکۆبووەتەوە بە هەر شێوەیەک و ئەبێ کۆمەڵگە لێی بەهرەمەند بێت و یەکێکیش پێوەیستی بەوە هەیە . پەروەردە و فێرکردن باشترین ئامراز و بەهێزترین داهێنان بوو کە ئەو کارەی پێبسرێ . هەنگاو هەنگاو پەروەردە شوێنی فراوانی ئەگردەوە چی رێگەو چێگەی لە تیروارینی دەسەلاتەوە کە باشترین مەیدانە بۆ گەیاندنی نامە و سیاسەتی دەسەلات , و چی کۆمەڵگە بە ئامرازێکی دا ئەنا هەم بۆ پەیدا کردنی بژێوی و هەم بۆ پێگەیاندنی تاکی کۆمەل .

لەوەتی دەولەت بەشێوەیەکی رەسمی شکلی گرد ، ئیتر پەروەردە وفێرکردن بووە مەیدانێکی فراوان و زۆر گرنگ بۆ پەیرەو کردنی سیاسەتی دەوڵەتەکە و هیچ جێی گومان نەما کە سیاسەت و یاسا و تەنانەت سیاسەتی دەسەڵاتداران بە رۆشنی رەنگی ئەدایەوە .

*_ پەروەردە وفێرکردن یەکێکە لە پێویستیەکانی کۆمەڵگە بۆ گەران بەدوای نهێنیەکانی دونیا و مەعریفەت و هۆکانی زاڵبوون بەسەر سروشتدا وئامادە کردنی مرۆڤ بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەل کێشمە کێشەکانی ژیان .

*_پەروەردەو فێرکردن شا دەماری کۆمەڵگەیە ,کە هەر کەم وکورتییەک لەم بووارەدا. رەنگدانەوەیەیەکی سلبیی ئەبێ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە . هەرکات سیاسەتی ئەو دەولەتە هەولی دابێ پێویستییەکانی پەروەردە و فێرکردنی دابین کردبێ ئەوا پێشکەوتن و رۆشنبوونی کارتێکردنی ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگە دەر ئەکەوی.

*_ هیچ کاتێ ناکر� پەروەردەو فێرکردن بەجیا لە بەشەکانی تری کۆمەڵگە باسبکرێ . ورێگە چارەی بۆ بدۆزیتەوە دوور لە چاکسازی بەشەکانی تری کۆمەڵگە . ناکرێ باسی بەرەوپێشچوونی پەروەردە بکەین بەبێ باسکردنی چی دەستوورێک لە کۆمەڵگە بە رێوە ئەچێت و بەبێ ئەوەی باس لە جیابوونەوەی دین لە دەولەت بکەین . وچۆن بتوانین رێگەیەکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ پەروەردە بەلام ژنان پلە دووبن و بیمەی بیکاری و بیمەکانی تر لە کۆمەڵگە نەبێ , ئاخر ناکرێ قسەمان هەبێ بۆ پەروەردە بەڵام ئازادی نەبێ ودەسەڵاتی حیزب وەک مێردەزمە بەسەر ئەم سستەمەوەیە و لە بجووکترین کێشەی پەروەردەو فێرکردن دەخالەت ئەکات , هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگە رووبدات راستەو خۆ کار ئەکاتە سەر پەروەردە و فێرکردن بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەلاتی حیزب پەلی هاویشتووتە ناو هەموو بەشەکانی فێرکردن تەنانەت کاریشی کردووەتە سەر مامۆستایان و قوتابیانیش , ئەلیرەوە حەز ئەکەم 4 بنەمای بنەرەتی یان 4 پێکهاتووی باس بکەم کە پەیوەندی بە چۆنێتی بەرەو پێشچوونی پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە . و هەر ناتەواوییەک لەهەر یەک لەم بنەمانە یان بەشانە ئەوا پرۆسەی خوێندن ناتەواو ئەبێ و رۆژ بەرۆژ کارتێکردنی خراپی ئەبێ . و ئەم بەشانە پەیوەندییەکی بنەرەتیان هەیە و هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی تریانە .

من ئەمانە بە م شێوەیە دەستنیشان ئەکەم

1- بەرنامە

2 _ مامۆستا

3 _ قوتابی
4 _قوتابخانە .
رەنگە پسبۆرانی بوواری پەرورده  ئەم دابەشە بەشێوەیەکی تر باسی بکەن ، ومن بەباشم زانی باس لەم 4 بنەما بکەم .
1_ بەرنامە وپرۆگرامی پەروەردە : یەکێک لەهەرە کارە گرنگەکانی پەروەردەو فێرکردن دارشتنی بەرنامەیە . چونکە لە هەموو روویەکەوە ئەبی بەوردی رەچاو بکرێ ، لە بەرچاو گرتنی تەمە ن ، کۆمەڵگە ،پەیوەندی قۆتابی بەدەوربەری، یەکسانی ، کەسایەتی قوتابی . چۆن ئەو پرۆگرامەی خوێندن لەگەل پێشکەوتنی کۆمەلگا تەریب ئەبێ ؟ و چۆن بەشەکانی پرۆگرام لە ژیانی رۆژانەی قوتابیان بەدی ئەکرێ ؟ و تاچەند دانانی پرۆگرام سوودیان بینیووە لە پێشرەفتەکانی کۆمەڵگەکانی تر ؟ پەیوەندی بە ئازادییەوە ، دەسەڵاتی تاکە کەسی و پەرستنی دەسەڵات ئەبێ لە رێگەی بەرنامەوە بنبر بکرێ ، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵکاندا بە چی شێوەیەک ئاراستەی قوتابییان ئەکرێ ؟ بوێری چۆن قوتابییەکی بوێر پەروەردە ئەکرێ ؟ لە رێگەی باسکردنی داستان و مێژوو مێژووی ئاینەکان وەک باباتێکی مێژوی بخوێنرێ بۆ رۆشنبونیان بەرامبەر رووداوەکانی ژیان ؟ چۆن بیر و باوەری خرافات ریشە کێش ئەکرێ بە شێوەیەکی زانستییانە و پەروەردانە .
* مامۆستا : لە چی پرۆژەیەکدا مامۆستا پێئگەیەنی ؟ جی بەرنامە و پیلانێک هەیە بۆ ئامەدەکردنی مامۆستا ؟ و ئامادەیی مامۆستاکە چەندە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەیە ؟ تاچەند خوی ئەیەوێ ببێتە مامۆستا ؟ وچەند سەرچاوە و ئیمکانیات بۆی ئامادەیە چی لەکاتی پێگەیاندنی وچێ لەکاتی بوونی بە مامۆستا؟ چەند خوولی پەروەردەو خولی تایبەت بە پسپۆری خۆیەوە بینیووە و یاخود ئەبێ ببینی ؟ و ئەوخوولانە سالی چەند جارە ؟ باسی ئەوە ناکەم کە بەهیچ شێوەیەک نابێ مامۆستا قسە لە سەر لاینگیری حزبێک بکات ، . رەنگە لە دەرەوەی قوتابخانە کەسێکی چالاکی پارتێک بێت و هەموو بیناسن و مافی تاکە . و هیچ مەسەلەیەک یان هۆیەک نابێ هەبێ کە بتوانێ بۆ هەلسەنگاندنی توانای قوتابیەکان کاری تێبکا . و بریاری مامۆستا بۆ دەرچوونی قوتابی بۆ پۆلێکی تر دوا بریارە .بەرێوبەر و تەنانەت باوک و دایکی قوتابیەکانیش گوێ رایەلی مامۆستان . وەک بوونێکی کۆمەلایەتی تا چەند پێوویستیەیکانی ژیانی بۆ دابین کراوە و هیچ هێزێک نابێ لەناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە رێگر بێت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستا و پسپۆرانی پەروەردە بۆ توان و بێ توانای قوتابیان یان ئەوەی پەیوەست بیت بە تاقیکردنوەکان یان بەآشداری قوتابی لە چالاکی بەشەکانی تر .
* قوتابی _ بەبێ دابین کردنی پێوویستیەکانی قوتابی بە بێ ئەوەی سەیری قوتابی نەکرێ وەک بوونێکی کۆمەلایەتی . هەنگاوی درووست نانرێ بۆ پەروەردەیەکی گونجاو کە بگونجێ لەگەل سەردەمدا . قوتابی ئەبێ وەک مرۆڤێک لەهەموو لایەکەوە ئهتمامی پێبدرێ لەوەی کە ئینسانێکە هاتووە فێربێ وسەرمایەیەکە بۆ کۆمەڵگە . بەشێویەک پەروەردە بکرێ کە بوونی خۆی وەک ئینسانێک بدۆزیتەوە و هیج کات سووکایەتی و توند وتیژی بەکار نەهێنرێ بەرامبەری . قوتابی بە تایبەتی تەمەنی بچووک لە هەر شوێنێ بێ نەک تەنها لە قوتابخانە کە ئەبێ هەموو ئەو شتانەی کە منال عەوداڵییەتی بۆی ئامدەبکرێ بگرە واهەست بکات کە بوونی خوی وەک منال ئەدۆزێتەوە . تەنانەت شێوەی پۆلەکان و شوێنی دانیشتن و رەنگی پۆلەکان . هەمان شت کە ئەگەرێتەوە بۆ مال چۆن ژیان بەسەر ئەبا ؟ شوێن ورێگای لەمال چۆنە ؟ و پێوویستیەکانی ژیانی وەک تاکێکی کۆمەڵگە دابین کراوە ؟ تا چەند لەدەرەوەی قوتابخانە بەردەوام ئەبێ لە جێ بە جێ کردنی هیوا وئاواتەکانی ؟ چەند کتێبخانە و شوێنی خۆ ئامادەکردنیان هەیە ؟ چەند گەشت وگوزار ئەکەن و چەند دیکۆمێنت وبەڵگەکان ئەبینن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە ؟ کاتی خوێندنیان کاتژمێر

چەند دەستی پێ ئەکات ؟ لەم وڵاتانە لەبەر ئەوەی هەموو قوتابخانەیک بنایەی تایبەتی خۆی هەیە ، خوێندن کاتژمێر 8.30دەستی پێ ئەکات هەتا 3 ، بۆیە کاتی تەواویان هەیە بۆ هەموو وانەکان وە بۆ پشوودانیش . هەر پۆلێک چەند قوتابی تێدایە ؟

* قوتابخانە _ قوتابخانە نەک هەر شوێنی فێربوونی منداڵان یان قوتابیان بەشێوەیەکی گشتیە بگرە لەپاڵ وانە وەرگرتن ئەبێ شوێنی دڵنەوای قوتابیانیش بێت . ئەبێ هەموو کەرەسەکانی بۆ ئامادە بکرێ کە قوتابی شەیدای رۆیشتن بێت بۆ قوتابخانە . تەنانەت شوێنی قوتابخانەکە نەبێتە هۆی دڵەراوکێ لای قوتابییان ، وەک لە رووی نا ئامنییەوە ، شوێنی قوتابخانەکە لە هەموو رویەکەوە چەند رەچاو ئەکرێ ؟ .تەنانەت لە درووست کردنی قوتابخانە تەنها وەزارەتی پەروەردەو و پسپۆرانی بواری پەروەردە نییە ، بەلکو پسپۆرانی وەزارەتی تەندرووستی و رێگا و بان و شارەوانیش رۆلیان هەبێ . و سوودبینین لە تاقیکردنەوەکانی وولاتانی رۆژئاوا ویرای رەخنە هەیە لەزۆر لایەنەوە .

پۆلەکان و هۆلی خوێندن بە گوێرەی ژمارەی قوتابیان بێت . دەروەی قوتابخانە ( مەبەست لە پێش قوتابخانەکە ) ئەوەند گرنگ نیە وەک لەناوەوە .

پێش کۆتایی چۆن قوتابی پێئەگات کە لە پۆلێکدا 50 قوتابی زیاتر هەبێ ؟ چۆن مامۆستا ئەتوانێ هەموو ئەوەی ئامادەی کردووە بیگەیەنێ بە هەموو ئەگەر ئەوەندە قوتابی لە پۆلێکدا بێت و لە ماوەیەکی کەمدا ؟ چۆن 2 هەندێ چار 3 قوتابخانە لە بنایەیکدا هەبێ و باسی سەرکەوتنی پەروەردە و فێرکردن بکەین ؟ بە چی پیوەرێک ؟

.